# یارەب هیچ شاریٚ نەکەیتە هەڵەبجە؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

هەموو ئاوازیٚ بۆ هەڵەبجە ئازارێکی تازەیە،هەموو نەغمەیەك نەغمەیەکی خەماوی و خوێنین، هەموو قسەودروشم و گریانێکیش بۆ هەڵەبجە نەك پولێکی قەڵب ناکا بگرە لە کەسایەتی قسەکەریش کەم ئەکاتەوە،درۆیەکی گەورەشە باسکردنی کوردایەتی و نیشتیمان پەروەری بەناوی هەڵەبجەوە، باهەمووکەسیش گوێی لێمان بێت ئیدی کەس نوێنەری هەڵەبجە نییە ئەگینا رۆحیانەتی شەهیدێك و کەلاوەیەك بەس بوو تا ئەوان لە بەرپرسێتی ئەم وولاتە بخات و ئیستیقالە بکەن،بەلام کوا ئیحساس؟ بەوانەشەوە کەتا دوێنیٚ سەرۆکی پارت و سکرتێری حیزب بوون و ئێستا سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی هەرێمن، ئەها لە ڤیستیڤاڵەکانی ناو باخی گشتی هەڵەبجە لە ساڵەکانی( 91و92و93و94و95و نەوەدو شەڕ) تاد ئەیانقیراندو پاڵپاڵێنیان بوو لەسەر میکرۆفۆن و لەکەللەی سەر هاواریان ئەکردو ئەیانووت ئێمە نوێنەری هەڵەبجەین و ئاوەدانیەکەی بسپێرن بەئێمەو خەریك بوو شەڕ هەڵگیرسێنن لەسەر نوێنەرایەتی هەڵەبجە بۆ کاکە یان مامەو ئەیانگوت(بەعس وێرانی کرد و ئێمە ئاوەدانی ئەکەینەوە) نەمانزانی بەعس وێرانی کردو ئێوە ئەیکەنە وێرانەشار، ئاخر پاش 18 ساڵ کوا ویژدانی نوێنەرایەتیتان؟ کوا هەستی کوردانەتان؟ کوا شیری پاکی خزمەتگوزاریتان؟ کوا هەناسەی گریاناوی عومەری خاوەرتان؟ کوا ئاوەدانی شارەکەتان؟ بەراستی مرۆڤ شەرم دای ئەگریٚ کاتیٚ ئەبینیٚ لەهەڵەبجەدا بستیٚ قیری ساغ نیەو باخچەیەك نییە بۆ پشوودان، تازە بەتازە ئوتێلێکی 3 قات ئەکەنەوە(مع العلم)مەسئول هەیە ماڵەکەی 6 قاتە!؟ ئەوەی کە خۆی بەنوێنەری هەڵەبجە ئەزانیٚ ئێستا ناوێریٚ وەك جاران بڵیٚ من نوێنەرتانم، چونکە زۆر چاك ئەزانیٚ ئیتر ئەرکی ئەو وەك نوێنەرایەتی شارێکی کەلاوەی خاوەن برین و شەهیدو خوێن کۆتایی هاتووەو ئەبیٚ دادگایی بکرێت؟ ئەی ئەوانەی کە تادوێنیٚ نوێنەرمان بوون و ساڵی جاریٚ زیارەتتان ئەکردین و بەکۆمەڵیٚ وەعدی ناراستەوە ئەچوونەوە بۆ شار، ئەوەچیە ئێستا زاتی ئەوەناکەن سەرێك لە گۆرستانەکەی عومەری خاوەر بدەن و وەك جاران گویٚ لەچەپڵەی هەڵەبجەییەکان بگرن؟ ئەی هاووار خودایە، یارەب... هیچ شاریٚ نەبێتە هەڵەبجەو بەر غەزەب نەکەویٚ، هەڵەبجە لە هیچ شارێکی دونیا ناکات، لێرەوە پێتان ئەڵێم ئێوە ئیتر مەیەن بۆ شاری شەهیدو با ئەزیەتتان نەبیٚ، چونکە هەڵەبجەییەکان وەك جاران دەستی چەپڵەیان پێوە نەماوە، مەیەن بۆ کانی عاشقان چونکە کچەکانمان وەك جاران بێزووی پیاسەکردن و عەشقیان نەماوە، مەیەن بۆ تووە ووشك و عەنەب توخوا مەیەن با ئەوەندە برینەکانمان نەکولێتەوەو ئێوەش تەریق نەبنەوەوئیحراج نەبن! مەشیەن بۆ شنرویٚ و بالامبۆو هەورامان توخوا مەیەن با ئەوەندە پێشمەرگەمان لەبەرچاو نەکەویٚ چونکە ئێوە هەموو کوڕی باوەشی گەرمی ئەم شاخانەبوون و پاتە کۆنەکانی شاخ شاهیدن! ئاخر هەر بەراستی کوڕی گەرمی دایکە هەڵەبجەبوون و کوڕی ناو ئەم کەلاوە روخاوانە بوون کە ئێستا چاوتان بەرایی نادات ئاوەدانی بکەنەوەو هێشتا کەلاوەکانی شار بۆنی پشتوێن و جامەدانی

پێشمەرگانەی ئێوەی لێ دێ، کەهاتیشن بە مۆنیکاکانتانەوە مەیەن و نەڵێن هەڵەبجە لادێییەکان بە هیچ رازی نین، هەڵەبجە تاریکەو تابێ تاریک تریش ئەبێ و شەوانیش رۆحیانەتی پێنج هەزار شەهید ئازارمان ئەدەن و دەستیان ناوەتە بینمان و پێمان ئەڵێن ئەی نامەردینە بۆدانیشتوون لەسەر ئێسك و پروسکی ئێمە، بۆچی کەلاوەکانتان بەجاری لێ پیسکردوین؟ئەی ئێوە نازانن ئەم کەلاوانە نیشتیمانی ئێمەیە و ئێمە شایەنی ئەمەبووین بۆیە وامان بەسەرهات، ئێوە گەر بتانەوێ ژیانتان باشکەن پێویستە ببنە دزوگەندەڵ تاوەك هاورێ و شۆرشگێرەکانی دوێنێ بچنە ڤێللاوباخ و نیشتیمانی فەرش و شەوانی سوورەوە.